کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-8-2007 23:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**حزبی زەحمەتکێشان لیژنەی لێپێچینەوە پێک دەهێنێت ... چاودێرێک**

لە ڕۆژانی 22-24ی مانگی ڕابوردوو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێنجەمین کۆنگرەی خۆی ئەنجامدا و تیایدا لە کۆی 10 ئەندام لە سەرکردایەتی هەڵبژێراوی کۆنگرە تەنها چوار کەس لە ئەندامانی پێشوو بە دوو خولی هەڵبژاردن و دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی قادر عەزیز سکرتێری گشتی حزب گەیشتنەوە سەرکردایەتی. لە کاتێکا سکرتێری گشتی بەبێ ڕکابەر و بەبێ دەنگدان لە شوێنی خۆی مایەوە.

دەرەنجامە پێشبینی کراوەکانی کۆنگرە بووە مایەی تووڕەبوونی سکرتێری گشتی و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوو بە تایبەتی بەرامبەر بە هاتنەپێشی کۆمەڵێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب کە بە هەڵوێستی دژ بە مەکتەبی سیاسی و ڕەخنە گرتن لە شەخسی سکرتێر ناسراون.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای کۆنگرەوە سکرتێری گشتی بە نووسراوی ڕەسمی کە وێنەیەکی ئاراستەی میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرابوو داوا لە بەرپرسی لق و مەکتەبەکان دەکات لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و تا پێك هێنانی لیژنەی لێپێچینەوە لە خروقات و دەستەبەندی ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

بەدوای ئەو نووسراوەدا قادر عەزیز لە ژمارە 720 ی 2007/7/30 هەفتەنامەی (ئالای ئازادی) لە سەر لاپەڕەی یەکەم لەو ستوونەی تایبەتە بە خۆی باس لە بوونی خروقات و دەستەبەندی دەکات لە کۆنگرەکەدا و بەشێك لە ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی بە خەڵکانی لاواز و نامەسئول وەسف دەکات و باس لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بە لێپێچینەوە و سزادان دەکات.

بۆ هەمان مەبەست لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە نیوەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆنگرە کە بەباڵی مەکتەب سیاسیی کۆن ناسراون قادر عەزیز بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی لێپێچینەوەی خستەڕوو و پاشان لەلایەن ئامادەبوانەوە پەسەندکرا. لیژنەی نابراو لە ئەندامێتی ژمارەیەك لە کادیرانی حزب و سەرۆکایەتی عەدنان عوسمان پێك دێت.

عەدنان عوسمان کە ماوەی ساڵێکە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) یە یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆنگرەکەی حزبی زەحمەتکێشان کە ناوی لە لیستی ئەندامانی سەرکردایەتیدا هاتبوو بەڵام لەبەر چەند هۆیەك ئامادەی کۆنگرەکە نەبوو، ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ سەرۆکایەتی کردنی لیژنەکە.

چاودێران و لایەنی ئاگادار لە وەزعی نێو خۆی ئەو حزبە پێیانووایە ئەوەی زیاتر سکرتێر و سەرکردایەتی پێشووی تووشی نیگەرانی کردووە دەرکەوتنی کادیرانی ناڕازییە وەك نوێنەری زۆرینەی حزب و تێکشکانی بێ وێنەی ئەندامە دیارەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پێشووە.

هەروەها پێیان وایە کە ئەو حزبە بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە سکرتێری گشتی حزب بە هیچ شێوەیەك ئامادەنییە ئەو کادیرانە لەسەرکردایەتی تازەی حزب قبووڵ بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.